السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# بەیعەتم دا بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەسەر شاهێدی دان بە (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَمُحَمَّد رَسُولُ اللَّهِ)^، ونوێژ ئەنجامدان، وزەکاتدان، وگوێڕایەڵی وفەرمانبەردار بوون، وئامۆژگاری کردن بۆ هەموو مسوڵمانێک

لە جەریری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «بەیعەتم دا بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەسەر شاهێدی دان بە (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَمُحَمَّد رَسُولُ اللَّهِ)^، ونوێژ ئەنجامدان، وزەکاتدان، وگوێڕایەڵی وفەرمانبەردار بوون، وئامۆژگاری کردن بۆ هەموو مسوڵمانێک». ^(واتە: هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، وموحەمەد پێغەمبەری خودایە).

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هاوەڵی بەڕێز جەریری کوڕی عبداللە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو پەیمانیدا بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر پابەندبوون بە تەوحید -یەك خوا پەرستی- وئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکە لە شەو وڕۆژێکدا، بە مەرج وپایە و واجب وسونەتەکانی، وزەکاتدانی فەرزکراو، ئەمیش پەرستنێکی داراییە ؛ لە دەوڵەمەندەکان وەردەگیرێت ودەدرێت بە ئەوانەی شایستەن لە هەژارەکان وئەوانی تر، و لەسەر پابەندبوون بە گوێڕایەڵی کاربەدەست، وئامۆژگاری بۆ هەموو مسوڵمانێك، ئەمیش بەوەی بەپەرۆش بێت لەسەر سوود گەیاندن پێیان، ودوورخستنەوەی هەموو شەڕ وزیانێك لێیان ؛ بە قسە وکردەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3512